# ئەلجەعفەری یەکەم سوێندی بەجێ‌هێناوباسی فیدرالی‌ناکات

## ئەحمەد دەشتی

بەڕێز ئەلجەعفەری وەک سەرۆکێکی وەزیرانی عێرقی فیدرالی دیموکرات لە 2005 دا سەردانی تورکیای کردو لە



گەل بەرپرسیارانی تورک گفت و گۆی خۆی ئەنجام داو زۆرم گوێ لێ ڕاگرت بۆ ئەوەی لێی ببیستم تەنیا بۆ جارێکیش بێت لە هەموو چاوپێکەوتنەکان و پەیڤ و قسەکانی خۆی دا نەیگوت عێراقی فیدرالی و دانی بە عێراقی فیدرالی دیموکراتی نەهێنا و یەکەم سوێندخواردنی خۆی بەجێ هێنا و قەت خۆی لە دوان بە ناوی عیراقی فیدرالی دیموکراتی نەدا و بڕگەیەی عیراقی فیدرالی لە قسە کانی دا تا ئەم کاتە بە دەما نەهات و ئەو هەروەک لە ژێر ئالا کۆنەکەی ڕژیمی بەعسی عیراقی دا کە لە سایەی ئەو ئالآیە نەحسە دا هەزاران هەزار مرۆڤی کوردو عیراقیەکان لەناو بران و ئەوەی کە لەژێر ئەو ئالآیە دا بە هەموو خەلکی عیراق کراوە لە مێژووی ئەم وەلآتەدا هەرگیز ئاوا ڕووی نەداوە کەوا بە سەر گەلی عیراقیان هێناوە وا ئەویش دان بە مافەکانی گەلی کورد ناهێنێت ، خۆ هاتنی ئەلجەعفەری بۆ سەر کارو بوونی بە سەرۆکایەتی وەزیرانی عێراقی لە سایەی خوێنی هەزاران هەزار شەهیدان دایە و بە پێکهاتن لە نێوان هەموو لایەنەکان

ئەلجەعفەری  ئەم جێگەیەی گرتووە و بەڵام ئەلجەعفەری هەر لە یەکەم ساتی هاتنە سەر کاری کە لە پەرلەمانی عێراقی دا سوێندیان خوارد بە ئەنقەست بڕگەی عێراقی فیدرالی دیموکراتی لە سوێند خواْردنەکەی دا  وەلا ناو هەر لەو کاتەدا بڕیاری ئەوەی دا کە هەرگیز باسی عێراقی فیدرالی دیموکراتی نەکات و هەتا بۆی بلوێت ئەم بڕگەیە لە پەیڤ و گۆتنەکانیشی بە دووری بخاتەوە هەورەوەک لە سوێند خواردنەکەی دا ئەم بڕگەیەی  فت کردو ڕیزی نە بۆ گەلی کورد دانا و نە بۆ ئەو هاوپەیمانەتیەی کە مۆریان کردووە و کە لە سەر ئەم بڕگەیە ڕیک کەوتووەڵام جەعفەری بێ ڕێزی کردو ئەم بڕگەیەی وا لە قسەکان و ڕەفتارەکانیشی دا وەک سوێند خواردنەکەی کە عێراقی فیدرالی دیموکراتیە  قوتی دا. خودی ئەم ڕەوش و کارەی ئەلجەعفەری ئاوێکی زۆر هەڵ دەگرێت ، ئەلجعفەری ماهیەتی خۆی و هەموو هەڤالانی لایەنەکەی خۆی لە نیازێ خەراپیان دا بەرامبەر پەیمان و هەموو ڕێکەوتنەکان و مافە ڕەواکانی گەلی کورد نیشان دا ، بەبی ئەوەی کە بێر لەوە بکەنەوە ئەمەیان بۆ ناچێتە سەرو هەموو کورد و زۆر لە لایەنەکانی تریش بەوە ڕازی نین کە ئەلجەعفەری لە خۆیەوە ئاوا ڕەفتار بکات و ئەم گۆڕانکاریانە لە هەلس و کەوتەکانی دا بکات  و ئاوا بێز لەوە بکاتەوە کە دان بە مافی گەلی کورد بنێت ،ناچار کران کە دووبارە سوێند بخۆنەوە ،چونکە هاتنە کایەی عێراقی فیدرالی لە سەر داواو ویستی گەلی کورد هاتۆتە ئاراوەو لە عێراق پیادە کراوە تا گەلی کورد بۆ خۆی لە چوار چیوەی عیراقی فیدرالی دا سەربەرزانە بژێت و خۆی لە ناوچەکەی و لە سەر خاکی خۆی دا فەرمان ڕەوایەتی خۆی بکات و ئیتر جارێکی تر بە ناوی عروبە و هەستی ناپاکی شۆڤێنیەتی عارەبانەوە کورد نە چەوسێتەوە و دوور بێت لە کارەسات و نەهامەتیەکانی کە

لەوەتی عیراق بووە بە خاون کیان و وەڵاتی عیراق دامەزراوە گەلی کورد هەمیشە بە دەستی پیاو خەراپان و مرۆ کوژانی دوێنێ و ئەمڕۆش  توشی بە هەزاران کارەسات و بڕیاری جینۆ ساید کردن هاتووە بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژگار گۆڕاوەو پیاو خەراپان نکارن دژ بە گەلی کورد بە ئامانجەکانیان بگەن ئەمڕۆ لە ژێر سایەی عێراقی فیدرالی دا کوردیش دوور دەبێت لە هەموو بێ بەشیەک و وەک جاران نابێتەوە بە مرۆڤی دەرەجە سێو چوار ، هەرچەند کەسانی وەک ئەلجەعفەری هەولی وەدی نەهاتنی عیراقی فیدرالی بدەن ، چونکە ئەوان چاک دەزانن کە گەلی کورد بە وەدی هێنانی عێراقی فیدرالی دەبێ  بە مرۆڤی دەرەجە یەک و ئیتر لە کوردستانی خۆی دا دوور دەبێت لە ماف لێ زەوت کردن و مال لێ داگیر کردن و خاک لێ تەعریب کردن،جا بۆیەکە ئەوانەی کە لە ناو هەست و دەرونیان دا ناپاکی ڕواوە ئەوا هەرگیز خۆ لە بڕیاری پێکهاتن چاکە نادەن و هەمیشە خۆ دوور دەخەنەوە لە هەموو کێشەکانی چارەسەری و ئاشتی ە تەبایی ،و هەردەم  ڕێک کەوتنەکان پێشێل دەکەن ، ئەم ڕەفتارانە ئەوەمان وەبیر دێنێتەوە کە سالەهای ساڵی ڕژێمی عێراقی لە ژێر سایەی دکتاتۆرەکانی وەک سەدام دا  هەمووی ئەو دیاردانە بوون  کە ئەو هەموو کارەساتانەیان پی وەدی هێنا ، ئەمڕۆش لە لایەن زۆر لەوانەی کە وەک ئەلجەعفەری بیر دەکەنەوە ، بەڕاستی نایانەوێ لە عێراق دا ئارامی و ئاسایش هەبێت و بێ ئەوەی ڕای لایەنی کوردی لە نەزەر بگرن دێن بە دروشم و پەیڤ و ڕای بۆگەن و دژ بە هەموو هەستێکی گەلی کورد لە سەر ڕاگەیاندنەکان و ئەملاو ئەولا دا خۆیان نیشان دەدەن و بێ ئەوەی بێر لەوە بکەنەوە کە ئەم هۆکارانە بوون  بوو بە وەدی هێنانی کارەسات و نەهامەتیەکانی ڕابوردوو و هەزاران هەزار ڕۆلەی کوردو عیراقی لە سایەی ئەو هەستە نارەوایانە بوون

به قوربانی و ئەو هەمو کارەساتانەیان بە سەر هەموو خەلکی عێراق هێنا  بە تایبەتی بە سەر گەلی کوردی قارەمان،خۆ دیارە ئەوانەی کە لە ڕابوردو پەند وەر ناگرن و دێنە سەرکار خەتەرێکی گەورەن بۆ دروست کردنەوەی نا ئارامیەکان و دەبێ هەموو دڵسۆزێک هەولی نەمانی ئەو جۆرە کەسانە لە سەر کار بدان و لێ نە گەڕین کە سانی کەوا دەبنە هۆکاری وەدی هێنانی کارەساتەکان ئەمڕۆ بەرپرسیارەتیان وەدەست کەوێت و خۆیان ۆف دەنەوە لە سەر حسابی خەلکی عیراق و لە سەر کارو بەرپرسیارەتی دا  بمێننەوە.

ئەمڕۆ کە ئەلجەعفەری نایەوێت ئاوا دان بە فیدرالی بنێت و دیارە کە نیاز پاک نیەو دەیەوی کە لە ئاستی سەرەک وەزیرانی عێراقی لە دونیای بگەیەنێ کە نەخێر عیراق هەمان عێراقی جارانە و فیدرالی هەر وجودی نیە،ئەمەش کاریکی ڕاستەو خۆ دژ بە هەموو هەول و خەباتی گەلی کوردە ، هەر بۆیەشە کە ئەلجەعفەری بەم شیوەیە ماهیەتی خۆی نیشان دەدات  و پێ لەسەر لابردنی بڕگەی عیراقی فیدرالی دا دەگرێت،من پیم وایە ئەوانە هەمان جۆرە کەسانن کە بۆیان بلوێت لە سەدامی دکتاتۆر خەراپتر بە سەر گەلی کورد دەهێننەوە،بۆیەکە دەبێ گەلی کورد گەلێ وریاترو زاناترو بیر تیژتر بێت و دوژمنانی خۆی باش بناسێت و تەنیاو تەنیا خەریکی دروست کردنەوەی ماڵی خۆمان بین و خۆمان دوور بخەینەوە لەم هەول و چارەسەر کردن و دروست کردنەوەی ماڵی خەلکانێ کە هەرگیز نابن بە دۆستی کوردوکوردستان و هەر بۆیان بلوێتەوە بۆوان هەمان تاس و هەمان حەمامە.

21.5.2005